# کلتوری کوردیی-ئیسلامیی و دیاردەی توندوتیژی و تیرۆریزم

**شێرکۆ کرمانج**
خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی دیراساتی دەولی لە زانکۆی ساوس ئوسترالیا
ئەم بابەتە لە 2008/06/24 لە ژمارە 344 ڕۆژنامەی میدیا بڵاوکراوەتەوە.



2-2

لە بەشی یەکەمدا باسمان لە ڕۆڵی ئایین و دەسەڵات کرد لەمەڕ دیاردەی توندوتیژیی و تیرۆریزم. لەم بەشەدا باس لە ڕۆڵی کلتور و سیستەمی پەروەردە دەکەم.

**کلتوری کوردیی و توندوتیژی**

کەسانێک هەن باس لەوە دەکەن کە کلتوری کوردی تیرۆر یان توندوتیژی وەبەرهەمناهێنێ. ئەوانە، با ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن و بڵێن ئایا ژیان یان مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئێمە چ نرخێکی هەیە؟ ئایا مردن یان ژیان، کامەیان لە کلتوری کوردی زیاتر نرخی بۆ دانراوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە تەنیا ئاماژە بە هەندێک بەها یان دیاردە کلتورییەکانی ناو کورد دەکەین، وەک دیاردەی کلتوری تۆڵە و ڕق و مەرگدۆستی. ئەم دیاردانە لەناو کوردا باون و هۆکاریشیان زۆرە، بەڵام دووانیان زۆر زەقن یەکێکیان عەقلییەتی خێڵەکی و ئەویدیکەیان ئایینە. ئەگەر کلتوری تۆڵە و ڕق بگێڕینەوە بۆ عەقڵیەتی خێڵەکی ئەوا کلتوری ئایینی بەرپرسە لە زاڵی دیاردەی مەرگدۆستی.

با وەک نمونە باس لە مەرگدۆستی و مردوپیرۆزی بکەین. بەگوێرەی ئایینی ئیسلام ژیانی ئێستاکانە واتە ژیان لەسەر زەوی کاتییە (موەقەتە) و ژیانی ئەوێ دنیایێ ژیانێکی بێکۆتاییە (ئەزالییە). بنیادەم هەرشتێکی ئێستا دەیکات دەبێ بۆ دورینەوەی بەرهەمەکانی بێت لە دنیا ئەزەلییەکە. ئێمە بۆیە دەژین بۆئەوەی بمرین نەک بۆئەوەی خۆشی و کەیف لە ژیان وەربگرین. بۆیە ژیان لە تێگەیشتنی ئایینییانەی کورد نرخی کەمە یان هەر نیەتی. جا کەسێک نرخی ژیانی خۆی لا گرنگ نەبێ دەبێ چ نرخێک بۆ ژیانی کەسانی دیکە دانێت. مردووەکان بەگوێرەی کلتوری ئایینی-کوردیی بەنرخترن لە زیندووەکان، تەنانەت بۆتە مایەی ئەوەی کورد گۆڕستانی مردووەکان هەمیشە بەرزتر لە شوێنی زیندووەکانی دانێت. گەڕانێک بەناو شاری سلێمانی و هەموو شارو شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان ئەو ڕاستییە بە سانایی دەسەلمێنن. سەرتەپۆڵکی زۆربەی گردەکانی سلێمانی بوون بە قەبرستان. لە سەر ڕێگای هەولێر دیبەگە یەک گردی

لێیه، له پیرداود، کراوه به گۆڕستان. گۆڕستانی سه‌ید سادق له بەرززترین گردیی شارەکه دامەزراوه. حەسەن زیرەک پێشئەوەی بمرێت بێنرخترین مرۆڤ بوو لەناو کۆمەڵگەی کوردی، کە مرد گۆڕەکەیان لەسەر بەرزترین گردی بۆکان، ناڵەشکێنێ، بۆ هەڵکەند. ئەوانەی بە "زیندوویی" تف و نەعلەنتیان دەکرد، پاش مردن کڕنوشیان بۆ "گۆڕەکەی" دەبرد. ئەمانە چەند نمونەیەکن بەڵام ئەگەر تەماشای قەبرستانەکانی کوردستان بکەیت زۆربەیان ئەگەر هەموویان نەبێت لەو شوێنانە بەرزترن کە زیدووەکانی لێدەژین. باشە ئەگەر لە کلتورێکدا مردو پیرۆزتر بێت لە زیندو چۆن لەو کلتورە دیاردەی مەرگدۆستی یان توندوتیژی تا ڕادەی تیرۆریزم زاڵ نابێت.



قەبرستانێك لەسەر گردێک لە سلێمانی



قەبرستانی سەید سادق

ئەوە تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە کلتوری ئایینییەوە هەیە، من پێموایە بەهەمانشێوە هێزە ناسیونالیست و چەپەکانیش بەشێوەیەک لە شێوەکان بانگەشەی مەرگدۆستیان لەژێر پەردەی خەباتی نیشتیمانی و چینایەتی کردوە، یان بەجۆرێکی دیکە بڵێین پاساوی توندوتیژی خەباتیان دەکرد بەمەبەستی بردنەپێشی ئایدیۆلۆجیاکانیان. هەر لەم چەند ساڵی ڕابردوودا هێزە ناسیونالیستەکان بە کەڵکوەرگرتن لەو کارە دزێوانەی تیرۆریستەکان بەگشتی و گروپەکەی شێخ زانا کردویانە دەیانەوێت پەرە بە رۆحی نەتەوەیی روت بدەن. ئەوان گەشەپێدانی رۆحی نەتەوەیی بە ڕێگەچارەی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی تیرۆر لە کوردستان دادەنێن. ئەوەیان لەبیرچۆتەوە یان پشتگوێی دەخەن کە بیری نەتەوەیی روت بوو بووە بە مایەی بەرهەمهێنانی نازیزم و فاشیزم لە ئەوروپا و بەعسیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**پەروەردە و توندوتیژیی**

هۆکارێکی دیکەی بەرهەمهێنی توندوتیژی شێوازی سیستەمی پەروەردە و ناوەڕۆکی بەرنامەی خوێندن (مینهاج) و پەرەوەردەی منداڵە لە کوردستان. سیستەمی پەروەردەی کوردستان تا بڵێی سەقەتە. من زۆر ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە نیم کە بەم دواییە لە سیستەمی پەروەردەکراوە، لەبەرئەوە ئەو قسانەی کە دەیکەم لەسەر سیستەمە کۆنەکەیە کە بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان هەر ماوە. هیوادارم سیستەمە نوێکە هێندە نوێخواز بێت کە تەجاوزی ئەم رەخنانەی منی کردبێت.
مەبەستیشم لە سیستەمی پەروەردەیی هەردوو ئینستیتۆ سەرەکییە بەرهەمهێنەرەکەی کلتورە کە ماڵ (خێزان) و قوتابخانەن. کۆمەڵگەی کورد لە ماڵەوە و لە قوتابخانە ڕۆڵەیەکی گوێڕایەڵی بێ پرسیار و ترسنۆک و بێ گومان دێنێتە بەرهەم. منداڵی کورد لە ماڵ و لە قوتابخانە هێشتا تەمەنی نەبۆتە حەوت ساڵ هەموو هەقیقەتەکانی دەخزێنرێتە ناو مێشک. مەبەستم لە هەقیقەتەکان وەڵامی پرسیاری گەورەی وەک ئەوەی ئێمە کێین؟ لەکوێوە هاتوین؟ بۆ کوێ دەچین؟ ـە. وەڵامەکان هەمووی لە دەقی یەک ڕستە کۆکراونەتەوە و لە ماڵەوە بەبن گوێی منداڵەکان دەگوترێنەوە و لە قوتابخانەش لەسەر لاپەڕەی، بۆنمونە، کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی نوسراوە، ئەویش ئەوەیە "خوا عەردو عاسمان و مرۆڤی خەلقکردوە."

لەوانەیە هەندێک بڵێن جا ئەوە چی تیایە؟ مەگەر وانیە؟ لە وەڵامدا دەڵێم، ئەوە تاک هەقیقەتی لە کلتوردا دروستدەکات و منداڵ بێ پرسیار دەهێڵێتەوە.
لەم کۆنتێستەدا (محتەوایەدا) من مەبەستم مانا فەلسەفییەکەی هەقیقەتە، واتە ئەوەی دەوڵەت یان ئایین یان دەزگایەک یان تاکە کەسێک بە هەقیقەتێکی رەهای دادەنێت. لەلایەک مەرج نیە ئەو هەقیقەتە راست بێت و لەلایەکی دیکە قوتابی لە هەموو قۆناغەکان تەنانەت ئینسانەکانیش وەک قوتابی لە ژیان دەبێ بە دوای هەقیقەت یان هەقیقەتاکاندا بگەڕێن. ئەرکی خێزان و قوتابخانە فەراهەمکردنی ڕێگەی گەڕانە بەدوای هەقیقەتەکان نەک سەپاندن یان دەستەبەرکردنی یەکێکیان و دانی بە منداڵ وەک دیارییەک. مەبەستم لە گەڕان ئەوەیە کە قوتابی (منداڵ) واچاکە دوای گەڕان و بەدواداچوونێکی زۆر ئەوسا بەپێی تێگەیشتنی خۆی و دوای هەڵسەنگاندنیان یەکێکیان یان چەندانێکیان بە ڕاست یان راستر لەوانی دیکە هەڵبژێرێت. دەشکرێ هەموویان رەتکاتەوەو بەدوای هەقیقەتێکی دیکەی هێشتا نادیار وێڵ بێت. ئەوەی من رەتیدەکەمەوە، یەکەم، دانانی یەک هەقیقەتییە و دووەمیش، دەرخواردانی هەقیقەتە لەجیاتی ئەوەی ڕێگە بە قوتابیان و منداڵان بدرێت بۆ چوونە ناو دنیای هەقیقەتەکان یان گەڕان بەدوای دانەیەک کە هێشتا لەوانەیە کەس پەی پێنەبردبێت. سادەترین پێشنیاز بۆ ئەو رستەیەی کە باس لە دروستکردنی عەردو ئاسمان دەکات ئەوەیە کە بنوسرێت "بەگوێرەی ئاییینی ئیسلام خوا عەردو عاسمان و مرۆڤی خەلقکردوە." لەوانەیە بڵێن جا ئەوە جیاوازی چییە لەگەڵ ئەوەی پێشتر. من دەڵێم جیاوازییەکە لەوەدایە کە تۆ بە منداڵەکە یان قوتابییەکە دەڵێیت ئەم هەقیقەتە بەگوێرەی ئایینی ئیسلامە. منداڵەکە هەستێکی لا دروستدەبێت کە پێیوابێت کەواتە دەکرێ هەقیقەتی دیکەش هەبێت. لە راستیدا، ئەمە پرسیار و گومان لای کەسەکە دروستدەکات و هانی گەڕانی دەدات بە دوای بووچوونەکانی دیکە یان هەقیقەتەکانی دیکە. بەکورتی منداڵ یان قوتابی پەروەردەکراو لەسەر تاک هەقیقەتی منداڵێک یان قوتابییەکی توندڕەو و تاک ڕەهەند بەرهەمدێنێت. توندڕەویی و تاک ڕەهەندیش هەوێنی توندوتیژیی و تیرۆریزمن.
بەداخەوە، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 17 ساڵ لە ئازادی کوردستان، تازە دەستکاری لە بەرنامە سەقەتەکەی خوێندنی بەعس دەستپێکردوە. هیوادارم ئەم گۆڕانکارییانە لە مەسەلەی گۆڕینی رسمەکانی لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکان و گۆڕینی ناوی سەرکردە نایابەکان تێپەڕبکات و دەستبخاتە ناو چەمک و شێوازە سەقەتەکانی سیستەم و بەرنامەی خوێندن. چونکە، بۆنمونە، برەودان بە هەستی نەتەوەیی کوردیی لەجیاتی هەستی نەتەوەیی عەرەبی هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت.
نمونەیەکی دیکەی زەقی دەمارگیری، کە دەبێتە زادەی توندوتیژی، وانەکانی زمانی ئینگلیزییە لە کوردستان. قوتابیانی ئامادەیی ئێستاش "کیپس" و "ئۆلیڤەر تویست" و "مێرچانت ئۆڤ ڤینس" (ڕۆمانەکانی قۆناغی ئامادەیی دەرسی ئینگلیزی) دەخوێنن. ئەوە لەکاتێکدا لە کۆتایی هەفتاکان کە ئەو رۆمانانە خزێنرانە ناو بەرنامەی خوێندن مقۆمقۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە مەبەست لەم چیرۆکانە بەدناوکردن و دژایەتیکردنی جولەکەیە، چونکە لە هەرسێکیان کارەکتەرە خراپەکان کەسانی جولەکەن.
ئەگەر باس لە دسپلینی منداڵیش بکەین، ئەوە بۆخۆی کارەساتێکە. لێدانی منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئێستا باوە. ئەمەش بەو مانەیەیە کە لە زۆر ماڵی کوردیدا رۆژانە توندوتیژی لەبەرابەر منداڵ بەکاردێت و زاتی تیرۆر دەکرێت. ماوەیەکە لە قوتابخانەکانی کوردستان لێدان قەدەغە کراوە، کەچی لەماڵەوە هێشتا منداڵ بە شەق پێلەقە تێیهەڵدەدرێت، ئەوەش بۆخۆی کارەساتێکی دیکە وەبەرهەمدێنێت. ئەو دوو شێوازەی بەرخورد لەگەڵ منداڵ دەبێتە مایەی دروستبوونی ئیزدیواجییەت لە لای منداڵەکە. ئەوە بێجگە لەوەی کە تیرۆری قسە پێگوتن هەر بەردەوامە، بۆنمونە، مامۆستاکان بە دەیانجار بەو قوتابییە گەورەساڵانەی تازە گەڕاونەتەوە بۆ قوتابخانەکان دەڵێن "ئەوە چ دەکەن لێرە بچن ئیشەکی بکەن (بۆ کوڕان) یان مێردەکی

بکەن (بۆ کچان) باشتر نیە. ئەگەر ئەو جۆرە قسانە تیرۆر نەبێت ئەی چی تیرۆرە. قوتابی لەوانەیە زۆری پێخۆشتر بێت لێیبدرێت و جەستەی ئازار بدرێت نەک دەرونی بریندار بکرێت. ئەوانە چەند نمونەیەکی سادەن، بە هەزاران نمونەی وا لە شێوازی سەقەتی پەروەردەی منداڵ لە ماڵ و لە قوتابخانە بەدیدەکرێن.
ئەم شێوازی پەروەردەکردنە منداڵێک وەبەرهەمدێنێت کە ڕقی لە خەڵکانی سەر بە ڕەگەزەکانی دیکە و ئایینەکانی دیکە ببێتەوە، ئەوە ئەمجۆرە هەستانەیە کە هەندێک دەستە و تاقم کاریان لەسەر دەکەن و بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکارییان دێنن.
پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەویە باشە چ بکەین؟ وەک گوتم هەندێک کەس و لایەن بەئاگایی یان بەهەڵە لە هەوڵی ئەوەدان دیاردەی تیرۆر و توندوتیژی لە کوردستان لەناو هەندێک گروپی تیرۆریستی یان توندڕەو خەفە بکەن و بڵێن کلتوری ئێمە دوورە لە جۆرە دیاردانە یان هەوڵدەن توندوتیژی لە تیرۆریزم جیابکەنەوە. ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و بە هیچ شێوەیەک لە خزمەت بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی و تیرۆریزم نیە. من پێموایە ئەم لێکدانەوەیە مەبەستێکی سیاسیی لەپشتە، چونکە توندوتیژی جۆرێکە لە تیرۆر. بۆنمونە، بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی منداڵان و ژنان بریتییە لە تیرۆرکردنی منداڵان و ژنان. لەوانەیە تیرۆری جەستەیی نەبن بەڵام زاتیان بە زیندویی تیرۆردەکات. ڕێگەگرتن لە قوتابیەکی پڕتوانا بۆ درێژەدان بەخوێندن و کوشتنی تواناکانی زاتی قوتابییکە شتێکی وای لە کوشتنی جەستەیی قوتابیەکە کەمتر نیە. ئەمەو دەیان دیاردەی دیکەی تیرۆر، بۆیە دەتوانین بڵێین توندوتیژی بەگشتی زادەی کلتورو شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەیەکن کە ڕۆژانە لە دەیان لاوە سەدان دەرسی توندوتیژیی دەدرێن.
بانگەشەی ئەوەش کە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی بێ خەوش و پاکیزەیەو دوورە لە دیاردەی توندوتیژیی و تیرۆرە بانگەشەیەکی سیاسیی فشۆڵە و مەبەستی دەستدانەنانە لە سەر دەردە کوشندەکانی کۆمەڵگەی کوردی.
ئەوەی دەبێ کاری لەسەر بکرێت بریتیین لە خودی دەسەڵات، کلتوری باو، سیستەمی پەروەردە لەگەڵ ئایینی کۆمەڵگە. دەسەڵات دەبێ بەخۆیدابچێتەوە، واز لە قۆرغکردن و تاکڕەویی دەسەڵاتکردن بێنێت و هەلی گونجاو بۆ خەڵک برەخسێنێت تاوەکو لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگە لە کەشێکی یەکسان و تەندروستدا ململانێکانیان ببەنەپێش. هەموو ئەو کێشانەی ئامازەمان پێکردن دەبێ چارەی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە لەسەروی هەموویانە شەفافییەت ڕێزگرتن لە ئازادی راستەقینە و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی میدیا و دەستهەڵگرتن لە تیرۆرکردنی زاتی ئینسانەکان.
هەموو دەزگا وەبەرهەمهێنەکانی کلتوریش، بەتایبەتی: خێزان و قوتابخانە و دەوڵەت و میدیا دەبێ هەوڵی بنبڕکردنی کلتوریی یەک هەقیقەتی و تاکڕەویی و تۆڵە و ڕق و توندوتیژی بدەن. لەهەمانکات، هەلی گونجاو برەخسێنن بۆ گەشەکردنی کلتوری ڕێزگرتن لە هەموو هەقیقەتەکان و پلورالیزم و یەکدی قەبوڵکردن و لێبوردەیی. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە ئایینیشەوە هەیە، ئەوە واچاکە کە شارەزایانی بواری ئایین نەک تەنیا مەلاکان پێداچونەوەیەک و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دەقە ئایینیەکان بکەن. بەتایبەتی ئەو دەقانەی کە ڕاستەوخۆ هانی کاری توندوتیژیی دەدەن و لێکدانەوەی توندڕەوانەیان لێ هەڵدەهێنجرێت.
ئێستا زۆرلایەن یان مەلا باسی ئەوە دەکەن کە مەبەست لە جیهاد لە دەقە ئایینییەکان، جیهاد نیە دژی موسڵمانان، یان دەڵێن ئەوە ڕاست نیە جیهاد دژی کوردی بەستەزمان بکرێت، یان بانگەشەی ئەوە دەکەن جیهاد تەنیا دەبێت لە دژی کافران بکرێت، یان جیهاد بۆ شەڕی بەرگرییە. من دەڵێم: ئەوانەی هاواری جیهاد دەکەن نە تۆ و نە کورد و نە کەسیان پێ موسڵمان نیە. تەکفیرکردنی کەسانی دیکە لای ئەوان زۆر ئاسانە و وەک گوتیشم دەقە ئایینییەکان پڕن لە پاساو. بۆیە پێموایە کۆمەڵگەی کوردی و ئیسلامی کاتێک

دەکرێت لەو جۆرە لێکدانەوانە ڕزگاربکرێت کە پێش هەموو شتێک و بەبێ هیچ مەرجێک ئایین و سیاسەت لێکجیابکاتەوە، بەبێ پێچ و پەنا. ئەوجا، چەمکی جیهاد بەتەواوی وەلابنرێت، چونکە ئەگەر بەیەکجاری وەلانەنرا ئەوە هەر گروپێک لەکاتی پێویستدا بەشێوەیەک لە شێوەکان پاساوی ئایینیی بەناوی جیهاد بۆ کارە توندوتیژەکان دێنێتەوە. لەوانەیە هەندێ کەس بپرسن ئەی جیهاد لە دژی بێباوەڕان (یان ئەوانەی هەدنێجار بە کافر یان ناموسڵمان ناوزەددەکرێن)؟ لە ڕاستیدا دەبێ پرسیارەکە سەرانگۆ بکرێت و بڵێین بۆ دەبێ جیهاد لە دژی ناموسڵمانان یان ئەو کەسانەی باوەڕیان نیە بکرێت؟ بۆ دورخستنەوەی ئیسلام لە توندوتیژیی و کاری تیرۆریستانە دەبێت جیهاد لە دژی ناموسڵمانان و بێباوەڕانیش وەلا بنرێت.

بانگەشە و بڵاوکردنەوەی ئایین دەبێ بەپێی یاسا مەدەنییەکان بە بنەما لە ڕێزگرتن لە باوەڕو ئایین ڕێکبخرێت. نابێ کەس ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینەکەی خۆی لێبگیردرێت، بە ئایینی بێباوەڕیشەوە (ئەگەر ئەویش ناو بنێین ئایین). بەپێی دەقی قورئان کەس مافی سەپاندنی بیروبۆچوونی ئایینیی بەسەر کەسێکی دیکەدا نیە، وەک ئەوەی لە سورەتی بەقەرە هاتوە "لەم دینەدا بەزۆر داسەپاندن نیە" (قورئان 2: 256).

هەندێ لایەن بەناوی بەرگریکردن لە نیشتمان بانگەشەی جیهاد دەکەن، ئەگەر مەبەست بەرگریکردنە لە وڵات ئەوە ئەرکی دەوڵەتە نەک ئایین کە توانای گونجاو بۆ ئەم ئەرکە دەستەبەربکات. پێموانیە هاوڵاتیان چاوپۆشی لە حکومەتێک بکەن کە لە دژی بێگانە و داگیرکەران بەرگریان لێناکات.

یەکێک لە گەورەترین کارەسات کە دووچاری کۆمەڵگەی کوردی بۆتەوە گەڕانەوەو پرسکردنە بە پیاوانی ئایینیی لەسەر کێشە و گرفتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان. لەکاتێکدا ئەمە ئەرکی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ و دەزگای تایبەتمەندە لە کۆمەڵگە مەدەنییەکان. ئەم دابە وایکردوە مەلا لە کۆمەڵگەی کوردی بکات بە مەرجەعێکی بێ رکابەر.کورد زۆر ڕێز بۆ مەلا ئایینییەکان دادەنێت، کە لە جێی خۆیەتی، بەڵام نابێت بۆ کارێک کە پەیوەندی بە ئایینیشەوە نەبێت مەلا بکرێت بە مەرجەع. لە کلتوری کوردیدا مەلا هێندە بەرز دانراوە، بۆیە کە هەڵە لە کەسێک ببیندرێت دەڵێن دەی دەی قەیدیناکات "مەلاش غەڵەت دەکات." واتە مەلا زۆر کەم هەڵە دەکات. لە ڕاستیدا، واچاکە کۆمەڵگەی کوردی بە مەرجەعیەتەکەی خۆی دابچێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی کوردی ئەڵتێرنەیتیڤی دیکەی هەیە؟ ئەوە پرسیارێکە دەبێت دەسەڵات و پەرلەمان و نوخبەی ڕۆشنبیریی کوردیی وە ئاگابێنێت و بیرلەوەبکەنەوە کەی و چۆن ئەوان دەبن بەو ئەڵتێرنەیتیڤە.